KURDISTAN NET کوردستان نێت

Revolutionareis Union of Kurdistan یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# ڕاگەیەندراو

# بەبۆنەی تەقینەوەکانی هەولێر

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە ١١ی ڕێبەندانی ٢٧٠٣، ١ی فیوریەی ٢٠٠٤، لە کاتێکدا لە بنکە و بارەگاکانی هێز و لایەنە سیاسیە کورستانیەکاندا، بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە پێشوازی لە هاووڵاتیان دەکرا؛ لە ئاکامی دوو کردەوەی تێرۆریستیی خۆ کوژیی هاوکاتدا لە بارەگای لقی ٢ی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و مەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار بوون.

بەداخێکی گرانەوە ژمارەیەک لە بەرپرسان و کاربەدەستانی پایەبەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ریزی شەهید و بریندارەکاندان.

ئەم تاوانە تێرۆریستیانە، دوو ئاڵقەی دیکە لەو زنجیرە کردەوە تێرۆریستیانەن کە لە لایان رێژیم و دەستە و تاقمە تێرۆریستیەکانەوە بە مەبەستی پێشگیریی لە دامەزران و سەقامگیریی لە عێراق و شێواندنی باری ئاسایی کوردستان رێکدەخرێن، بەرێوەدەچن و پشتگیری دەکرێن.

تەقاندنەوەی TNT لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا و لە نێو خەڵکێکدا کە بە بەجێهێنانی نەریتێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە خەریك بوون و لە حاڵی جەژنە پیرۆزە و گەردن ئازاییدا بوون، دەریدەخا کە ئەوانەی لە پشت بەرێوەچوونی ئەو تاوانانەوەن، چەندە لە ویژدان و مرۆڤایەتی و دین و ئایین دوورن و ئامانجەکانیان چەندە رەش و گڵاو و نامرۆڤانەیە.

بەڵام رەشە کوژی و شەهید کردنی رۆڵە خەباتگێڕەکانی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان هەر چەند زامێکی بە ئازارە، هەرگیز ناتوانێ کار لە ئیرادەی گەلەکەمان بکا و هەنگاوەکانی لە ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی دا شل بکاتەوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، وێڕای مەحکوم کردنی ئەو تاوانانە، لەگەڵ خەڵك و حکومەتی کوردستان هاودەردی دەردەبڕێ و پرسە و سەرەخۆشی پێشکەشی کەسووکاری شەهیدەکان دەکا و ئاواتی چاك بوونەوەی هەرچی زووتر بۆ برینداەرکان دەخوازێ.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

١١ی ڕێبەندانی ٢٧٠٣

١ی فێوریەی ٢٠٠٤